

## دوڕە:

# وەک زۆربەی ڕۆژهەڵاتییەکان ماڵەوەمان لە سەرەتادا بە تەواوی ڕێگر بوون

**دورە یاخود دورەی تونسی یەکێکە لە کچە هونەرمەندە تونسییەکان کە لەنێوان قاهیرە و بەیروت لەپێناو هونەردا بەردەوام لە هاتوچۆدایە، ئەم کچە تا ئێستا بەشداریی لە چەندین کاری هونەریدا کردووە لە سینەما و دراما کە گرنگترینیان فیلمی (هی فوضی)یە کە لە دەرهێنانی یوسف شاهینە، هەروەها بەشداریی لە ژمارەیەك زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە.**

*** هەندێك باس لە سەرەتاکانی کاری هونەری خۆتمان بۆ بکە؟**

-هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی کاری هونەریم هەبوو و لە قوتابخانە کاری هونەریمان پێشکەش دەکرد بەتایبەتی شانۆگەری، بۆیە هونەر هەموو هەستەکانمی داگیر کردووە.

***کەس پاڵپشتیی کردی؟**

- وەك زۆربەی رۆژهەڵاتییەکان ماڵەوەمان لە سەرەتادا بە تەواوی رێگر بوون لەوەی روو لە هونەر بکەم، بەڵکو هەمیشە جەختیان لەوە دەکردەوە کە پێویستە گرنگی زیاتر بە خوێندن بدەم، ئینجا کارەکانی دیکە، بەڵام دواتر نەبوون بە رێگر لەبەردەم حەزەکانم لە هەموویشی گرنگتر من خۆم ئارەزووی ئەوەم هەبوو ببم بە ئەکتەر.

*** تا چەندت خوێندووە؟**

- زانستە سیاسییەکانم لە بەیروت تەواو کردووە.

*** دراما عەرەبییەکان چۆن دەبینیت؟**

- هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و من ناتوانم حوکم لەسەر باشی و خراپیی هیچیان بدەم.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو گۆرانیبێژانەی روو لە کاری نواندن دەکەن؟**

-هەر بوارێك تایبەتمەندی و جەماوەری خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی لە گۆرانیی گوتندا سەردەکەوێت بە هەمان شێوە لە نواندنیشدا سەرکەوتوو بێت و بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، بۆیە پێم باشە هەر کەسێك بوارێکی تایبەت هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بتوانێت تێیدا سەرکەوتوو بێت و داهێنان بکات.

*** ئایا هونەر دەبێتە هۆی ئەوەی کچە هونەرمەندەکان نەتوانن بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بەتایبەتی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بکەنەوە، چونکە بەشێکی زۆری کچە هونەرمەندەکان شوو ناکەن؟**

- هونەر کارێکە پێویستی بەوەیە کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەیت بەجۆرێك زۆر کاری تایبەتت لە بیر دەباتەوە، بەلام تا ئێستا بە بەردەوام گوێ بیستی ئەوە دەبین کە زۆر لە کچە هونەرمەندەکان ژیانی هاوسەرێتیی پێکدەهێنن جا لەگەڵ ئەکتەرەکان بێت یان کەسانی دەرەوەی بواری هونەر بن.

*** کارەکانت مەرجی تایبەتییان هەیە یان هیچ مەرجێك دانانێیت بۆ دەرهێنەر؟**

- ئەگەر بزانم رۆڵێك لەگەڵ کەسایەتیی من گونجاوە و دەتوانم تێیدا سەرکەوتوو بم، دوای ئەوەی سیناریۆکەی دەبینم پێی رازی دەبم بێ ئەوەی مەرجی تایبەتم هەبێت.

*** ئامادەیت بۆ بینینی رۆڵی وروژێنەر و رووت؟**

- ئەگەر بزانم لە سنوورەکان تێناپەرێت و کار لە ناوبانگی من ناکات ئاساییە.

*** هەندێك لە کچە ئەکتەرەکان بە رۆڵی وروژێنەر رازی دەبن بێ مەرجی تایبەت، تۆ چی دەڵێیت لەم بوارەوە؟**

- وەك پێشتر گوتم ئەگەر وروژاندنەکە سنوور نەبەزێنێت ئاساییە بە لای منەوە.

*** هونەری ئیغرا چۆن پێناسە دەکەی؟**

- باوەرم بە یەك جۆرە هونەر هەیە، ئەوەی خەڵك بەو ناوەیە باسی دەکەین یان بەشێکە لە هونەر ئەگەر وروژاندنی تێدا پێویست بێت، یان هونەر نییە وەك ئێستا هەندێك لە گۆرانیبێژەکان پێشکەشی دەکەن.

*** زۆر جار رێگا بە هەندێك لە هونەرمەند دەگیرێ بەوەی بچنە نێو وڵاتەکەیان چی دەڵێی بۆ ئەم کارە؟**

- پێموایە ئەمە کارێکی کۆنەپەرستی و بێ مانایە، چونکە هەندێك جار سەندیکای هونەرمەندان مەرجی سەخت دادەنێن بۆ هونەرمەندانی غەیرە میسری ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆر لە گرێبەستی هونەری ئەمەش زۆری بەبیانووی ئەوەیە هەندێك هونەرمەند کاری وا پێشکەش دەکەن کە دوورە لە نەریت و رەوشتی وڵاتەکەیان.

*** ئەو کارانە چین کە شانازییان پێوە دەکەیت؟**

- فیلمی هی فوضی یەکێکە لەو کارانەی کە بۆ من جێگای شانازییە، چونکە لەگەڵ سینەماکارێکی زۆر گەورەی وەك یوسف شاهین بوو، هەروەها ئەم فیلمە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر ناو دەرکەم و سەرکەوتنی من لەو فیلمە رێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی بەشداریی لە فیلمی دیکەدا بکەم.

*** رەخنە قبوڵ دەکەیت؟**

-لە سەرەتای کاری هونەریمدا بە پێوەری جیا مامەڵەم لەگەڵ رەخنە و جەماوەر دەکرد، چونکە زۆر کەس پێیان وابوو من پشت بە وروژاندن دەبەستم بۆ سەرکەوتن، دواتر جەماوەر بۆی دەرکەوت کە من خاوەن توانا و بەهرەیەکی هونەریم.

***تا چەند لەگەڵ ئەوەی فیلم دیمەنی وروژێنەری تێدا بێت؟**

- وەك پێشتر گوتم نابێ وروژاندن لە رادەی خۆی زیاتر بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوەی هونەرمەند پێشکەشی دەکات لە واقعیشەوە نزیك بێت.

*** تا ئێستا لەگەڵ میدیا تووشی گرفت نەبوویت؟**

-پەیوەندیم زۆر ئاساییە لەگەڵ راگەیاندن، هەرچەندە هەندێك لە راگەیاندنەکان شتی وا بڵاودەکەنەوە بەجۆرێکە هونەرمەند واهەست بکات کە بەشێکی زۆری ئەوەی بڵاودەکرێتەوە تەنیا بۆ تورە کردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروستە دەربارەی هونەرمەندان.

*** چ پەیامێکت هەیە کە دەتەوێ لە رێگای سینەماوە پێشکەشی بکەیت؟**

-پەیامی من گەیاندنی راستییە، بەرای من سینەما ناتوانێت چارەسەری هەموو کێشەکان بکات، بەڵام دەتوانێت زیاتر گرفتە راستەقینەکان بخاتە بەرچاو.

***بینینی رۆڵی سەرەکی مەرجە بۆ بەشداری کردنت لە فیلمەکاندا؟**

- بەلای منەوە گرنگ نییە رۆڵێ سەرەکیت هەبێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەی پێشکەشت دەکرێ چۆن پێشکەشی بکەیت و تێیدا سەرکەوتوو بیت.

*** کێ لە هونەرمەندان زۆر هاورێتن ؟**

- پەیوەندیم لەگەڵ هەموو ئەو هونەرمەندانە زۆر باشە کە کاریان لەگەڵدا دەکەم.


***گوێ لە چ گۆرانیبێژێك دەگریت؟**

- لە زۆربەی گۆرانیبێژەکان بەتایبەتی گۆرانییە هێمنەکان.

*** وەك ئافرەتێك هونەر بۆ تۆ مایەی خۆشی بووە یان گرفت؟**

- زەحمەتە ئافرەتی هونەرمەند بتوانێت کاری هونەری بکات بێ ئەوەی قوربانی بدات، ئەگەر بمەوێت ناوبانگ دەربکەم و سەرکەوتوو بم دەبێت ئامادەیی ئەوەشم هەبێت کە کەسانێك هەن حەز لە سەرکەوتنی من ناکەن و ئامادەن شتی ناراست دژی من بڵێن.





## دەیانەوێ ڕێگا لە سەرکەوتنەکانی کارینا بگرن

کارینا کاپور یەکێکە لە ئەستێرە ناودارەکانی بۆلیۆد کە زیاتر لە هەموو ئەکتەرەکانی دیکە سەرنجی بەرامبەر بۆخۆی ڕادەکێشێت، بۆیە هەر جۆرە جلێك بپۆشێت سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت و خۆیشی بە باشی درك بەوە دەکات.

زۆر لە چاودێرانی بواری سینەما دەڵێن: کارینا کابور زۆر جار بە ئەنقەست وا دەکات کە سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت بۆیە زۆر ڕەنگە سەرنجڕاکێشەکان دەپۆشێت لەوانەش ڕەنگی سور کە زۆر جار لە بۆنە تایبەتەکان بەو ڕەنگە دەردەکەوێت و زۆریش حەز لەو ڕەنگە دەکات، بەم دواییە لە ئاهەنگێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی نوێترین فیلمی خۆی کە بەناوی «Gori Tere Pyaar Mein»ـە بە جلی سورەوە دەرکەوت بە هاوڕێیەتی هونەرمەند عمران خان، لەم ئاهەنگەدا کارینا سەرنجی هەموو لایەکی بۆ خۆی ڕاکێشا و لەو ئاهەنگەشدا ڕایگەیاند کە هەر لە منداڵییەوە زۆر حەز لە ڕەنگی سور دەکات و ئەمەش هیچ پێوەندی بەوەوە نییە کە سەرنجی خەڵك بۆ خۆی ڕابکێشێت یاخود بە شێوەیەکی وروژێنەر دەرکەوێت و ئەوانەی ئەم جۆرە پروپاگەندانەش بڵاو دەکەنەوە دەیانەوێ ئاستەنگ لەبەردەم سەرکەوتنەکانم دروست بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا فیلمەکانم جەماوەرێکی زۆریان هەیە لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە بە هاوکاری چەند دەزگایەکی میدیایی جیهانی هەڵمەتێکیان دژی من دەستپێکردووە و بە ورووژاندن و سەرنجڕاکێشان تاوانبارم دەکەن.



## کامیرۆن گرنگییەکی زۆر بە تویتەر دەدات

پێشتر زۆر کەس ماڵپەری تویتەریان بە میدیای جێگرەوە ناوزەد دەکرد، دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ میدیای نوێ و لەو کاتەوە ئەم ماڵپەرە پڕ بوو لە هەواڵی ئەستێرەکانی سینەمای جیهانی، بەمە کامیرۆن دیازی ئەستێرەی سینەماییش بووە یەکێك لەوانەی کە لەم ماڵپەرەدا زۆربەی کار و چالاکییەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

بەم هەنگاوەشی کامیرۆن چووە ریزی هەزاران ئەستێرەی سینەمایی و موزیکی جیهانی کە بەردەوام لە پێوەندیدان لەگەڵ جەماوەرەکەیان، کامیرۆنی تەمەن ٤١ ساڵ ئەکاوەنتێکی بە ناوی «CameronDiaz@» کردۆتەوە و لەیەکەم نووسینیدا گاڵتەی بە خۆی کرد کە بۆچی دواکەوت بۆ هاتنە نێو دنیای تویتەر و نووسیی: بەم دواییانە شارەزای جێبەجێ کردنێکی نوێ بووم کە بە تویتەر ناسراوە، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، کامیرۆن هەروەها ژیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە لەگەڵ چەند وێنەیەکی نوێ و تایبەت، جەماوەرەکەشی لە وەڵامدا نووسیویانە: ئەگەر درەنگیش پێوەندی بکەی زۆر باشترە لەوەی کە هەر پێوەندی نەکەی، بۆیە بەخێرهاتنت دەکەین بۆ ئەم جیهانە نوێیە.

جەماوەری کامیرۆن پێیانوایە درەنگ هاتنی بۆ تویتەر دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زۆر بە هێز و جیاوازتر لە هونەرمەندانی دیکە بوونی هەبێت و هیوا خوازن لێیان دانەبڕێت.



## سکارلیت: نامەوێ لە هەمووان سەرنجڕاکێشتر بم

دوای ئەوەی بۆ دوو ساڵ نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی پێ بەخشرا، سکارلێت جۆهانسۆنی ئەستێرەی سینەمایی ڕایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات ئارەزووی ئەوە دەکات لە دیمەن و ڕووخساری و زۆریش حەز دەکات ئەو تایبەتمەندیانەی نەمینێت کە هەمیشە جەماوەر بە نموونەی جوانی بزانن. جۆهانسۆن ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو لە هزری جەماوەردا هەمیشە وەك نموونەی جوانی و مێینە و سێکسی سەیری دەکەن ئەمەش وایکردووە کەزۆر جار نەتوانێت وەك پێویست ڕۆڵەکانی خۆی ئەدا بکات لە سینەما بۆیە لە دڵەوە حەز دەکات ئەو تایبەتمەندیانەی نەمینێت بۆ ئەوەی جەماوەر وەك ئەکتەرێکی ئاسایی سەیری بکەن نەك تەنیا بیر لە لایەنی جوانی و سەرنجڕاکێشی بکەنەوە. لەم بارەیەوە سکارلێت زیاتر دەڵێ: پێموایە بە تێپەڕ بوونی کات سروشتی ئەو کەسایەتییانە دەگۆڕم کە لە کارەکاندا دەیاننوێنم، من دڵنیام کە زۆر لەو ڕۆڵانەی ئێستا بە من دەسپێردرێن لە بنەڕەتدا ورووژێنەر نین، بەڵام شێوەی نواندنی من بەو لەشە جوان و پڕەوە وا لە جەماوەر دەکات کە هەموو ڕۆڵەکانم بە وروژێنەر وەسف بکەن و بەکەسێکی سەرنجڕاکێش بمناسن، هەروەها وتی: من خۆم بە ئافرەتێکی سەرنجڕاکێش دانانێم و نازانم بۆچی هەندێك کەس بەردەوام ئەو نازناوەم پێ دەبەخشن درك بەو ڕاستیە ناکات تەنیا کاتێك هەندێك کەس ڕاشکاوانە ئەمەی پێ دەڵێن یان کاتێك ناوی خۆی لە لیستی ئافرەتە سەرنجڕاکێشەکاندا دەبینێت کە هەندێك لە گۆڤارەکان ئەنجامی دەدەن.





# نیکۆل کیدمان: ژیانم لەگەڵ کرۆز فاشیل بوو

خانمە ئەستێرەی سینەمایی ئوسترالی لە دیمانەیەکدا رایگەیاند کە ئێستا لەگەڵ کیس ئۆربانی هاوسەری ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران بەسەر دەبەن، کە پێشتر ئەم جۆرە ژیانەی لەگەڵ توم کروزی هاوسەری نەبینی بوو سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆریش بە یەکەوە ژیان بەر لەوەی جیا ببنەوە.

کیدمانی پاڵەوانی فیلمی (گریس مۆناکۆ) لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری فانیتی فیری ئاشکرای کرد کاتێك لەگەڵ توم کروز بە یەکەوە بوون ڕێزگرتن لە نێوانیاندا نەبوو لە بەرامبەردا هەمیشە پشتگوێ دەخرا و گوێ بە داخوازییەکانی نەدەدرا، هەروەها هێرشێکی توندی کردە سەر توم کروز و وتی: کاتێك شووم بە کروز کرد تەمەنم تەنیا ٢٣ساڵ بوو ئەمەش تەمەنێکی زوو بوو، چونکە ئەوەی من دەمویست بەدیم نەکرد لەلای کروز.

کیدمان ئەوەشی روون کردەوە ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی چاوەڕێی دەکرد بە هیچ شێوەیەك بەدی نەکرد، تا ئەو کاتەی جیا بۆوە و ژیانی هاوسەریی سەر لەنوێ لەگەڵ کیس ئۆربانی گۆرانیبێژی لادێیی پێکهێنا و ئێستا لە ناشڤیل لەگەڵ دوو منداڵەکەیان بەیەکەوە ژیانێکی خۆشی بەسەر دەبەن دوور لە گرفت، کیدمان ژیانی خۆی بە ژیانی هەریەکە لە براد بێت و ئەنجلینا جۆلی شوبهاند کە ئێستا نموونەی دوو هونەرمەند و هاوسەری سەرکەوتوون.

# هونەرمەندانی کورد نارِازین لە هێنانی هونەرم



ماوەی چەندینساڵە هونەرمەندانی کورد گلەیی لە پێشێل کردنی مافەکانیان دەکەن کە زیاتر خۆی لە کۆپی کردنی بەرهەمەکانیان دەبینێتەوە، هونەرمەندان هەمیشە لە هەموو بۆنە و کۆبوونەوەکاندا ئەم داوایەیان راگەیاندووە و هانایان بۆ هەموو لایەکی پەیوەندیدار بردووە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە و بە ئاستەنگ و رێگریی بەردەم پێشڤەچوونی هونەری کوردییان داناوە.

لەلایەکی دیکەوە ماوەیەکە بە هۆی ئەو کرانەوەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە و بوونی ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی بیانی بەتایبەتی ئێرانییەکان لە وەرزی بەهار و هەزاران عەرەب و لوبنانی بە هۆکاری جیاجیاوە ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی ئێرانی و عەرەب دێنە کوردستان بۆ سازدانی کۆنسێرت یان ئاهەنگی تایبەتی بۆ کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان و بۆ ئەنجامدانی ریکلامی بازرگانی بۆ پرۆژە گەورەکان و برِە پارەیەکی زۆریشیان پێشکەش دەکەن، هاتنی هونەرمەندانی بیانی گەیشتە رادەیەك کە هونەرمەندانی کورد بێنە دەنگ و بە ئاشکرا داوای ئەوە بکەم کە پێویستە وەك ئەوەی لە هەموو وڵاتان باوە کە هاتنی هونەرمەندانی بیانی پێویستی بە چەند مەرجێکی تایبەت هەیە کە مافی هونەرمەندانی وڵاتەکە پارێزراو بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کوردستان هیچ یاسایەکی لەو جۆرە نییە و هەر کەسێك بیەوێ دەتوانێت هونەرمەندی بیانی بهێنێت بۆ کوردستان بە مەبەستی ریکلام یان سازکردنی ئاهەنگی هونەری تایبەت یان کۆنسێرت.

بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك هونەرمەندی شاری دهۆك لەوانە: حەسەن شەریف، کاروان کامل، عەبدولقەهار زاخۆیی، بڵند ئیبراهیم، نوژدار محەمەد تاهر، عومەر گوندی، دەلال زاخۆیی، ئیسماعیل جومعە، محەمەد تاها ئاکرەیی، شەعبان سلێمان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە دژی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە هونەرمەندی بیانی دەهێننە کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی ریکلامی بازرگانی بەمەش مافی هونەرمەندانی کورد دەخورێت و داوایان کرد کە سنوورێك بۆ ئەم پێشێل کردنە دابنرێت، سەرەتا هونەرمەند بڵند ئیبراهیم دەربارەی ئەم دیاردەیە گوتی: ئێمە ناتوانین بڵێین رازی نابین هیچ هونەرمەندێکی بیانی بەتایبەتی (عەرەب، تورك، فارس بێتە کوردستان بۆیە من پشتگیری ئەو رایە ناکەم، بەڵام ناکرێ بێدەنگ بین لەوەی مافی هونەرمەندی کورد بخورێت، لە بەیاننامەکەدا کە هونەرمەند بڵند ئیبراهیم خوێندییەوە هاتووە: ئاشکرایە بەم دواییە بەشێکی زۆری کۆمپانیا کوردی و بیانییەکان هونەرمەندی بیانی دەهێنن بۆ ئەنجامدانی ریکلامی بازرگانی و برِە پارەیەکی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن، لەم پرۆسەیەشدا هونەرمەندانی کورد بێبەشن و پشتگوێ خراون، لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: راستە هەر کۆمپانیایەك ئازادە لەوەی لە ئەنجامدانی ریکلام هەر هونەرمەندێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج بە دەست بهێنێت، بەڵام لە هەر وڵاتێکیشدا یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ رێکخستنی ئەم کارە ومافی هونەرمەندی وڵاتەکە لەبەر چاو دەگیرێت، لەبەر ئەوەی لە کوردستان ئەم جۆرە

# ەندە بیانییەکان



یاسایە نەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندە ناودارەکانی کورد بێبەش بن لە مافەکانیان، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بێدەنگن و هیچ رۆڵێکیان نییە، هونەرمەند بڵند ئیبراهیم بەناوی هونەرمەندانەوە وتی: بەناوی ئەو هونەرمەندانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە داواکانمان دەخەینە روو کە بریتین لە:

١- پێویستە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری یاسایەك رێك بخەن لەگەڵ دەزگای گشتی وەبەرهێنان وکۆمپانیا کوردی و بیانییەکان بۆ ئەوەی مافی هونەرمەندانی کوردستان پارێزراو بێت و پێشێل نەکرێ.

٢- ئەو چالاکییانەی کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن، پێویستە بە ئاگاداری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بێت و تێیدا مافی هونەرمەندانی کورد دیاری بکرێت.

لقی دهۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پشتگیری خۆی بۆ ئەم داوایە دەربڕی و لەم بارەیەوە زیاد عابد سەرۆکی لقی دهۆکی سەندیکای هونەرمەندان، خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕی و وتی: مایەی شانازییە کە هونەرمەندانی کوردستان بەشداری لە رێکخستنی وەبەرهێنان بکەن و بەشێوەیەکی مۆدێرن و هزرێکی هاوچەرخەوە داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆیە ئێمەش پشتیوانی خۆمانیان بۆ دووبارە دەکەینەوە، چونکە پێویستە کاری هونەری رێك بخرێتەوە، هەروەها ئێمە دژی هاتنی هونەرمەندی بیانی نین، بەڵام پێویستە هاتنیان بەشێوەیەك رێك بخرێت کە سوودی بۆ هونەرمەندانی کورد هەبێت، بە هەمان شێوە هێنانی کەلچەری بیانیش پێویستە لە بەرژەوەندیی کەلچەری کوردییەوە بێت، لەلایەنی ماددیشەوە بڕە پارەیەکی زۆری وڵات دەدرێتە ئەم هونەرمەندانە و هونەرمەندانی کوردیش لێی بێبەش دەبن.

هونەرمەند دەلال زاخۆیی کە یەکێکە لەوانەی یاداشتەکەیان ئیمزا کردووە دەڵێ: پێویستە لەمەودوا لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگییەکی زۆر بەم بابەتە بدەن، بۆ ئەوەی هونەرمەندە کوردەکان بەتایبەتی ئەوانەی جەماوەرێکی زۆریان هەیە بتوانن کارێك بکەن کە خەڵك زیاتر روو لە گۆرانی کوردی بکەن لە جیاتی گۆرانییە بیانییەکان، نازانم تاکەی کۆمپانیاکان تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی هونەرمەندانی بیانی دەکەنەوە و هزر و بیرکردنەوەیان تەنیا لای دەستکەوتی ماددی دەبێت، پێویستە کۆمپانیاکان هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانییان هەبێت، ئەوان ئازادن هەر هونەرمەندێکی بیانی بهێنن، بەڵام با هونەرمەندی کوردیشیان لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی ئێمەش بەهای خۆمان بزانین، دەلال هەروەهادەڵێ: تا ئێستا کەسمان نەمانزانیوە کۆمپانیایەکی بیانی هاتبێت هونەرمەندێکی کورد بانگهێشت بکات بۆ ئەنجامدانی ریکلامی بازرگانی، تەنانەت بۆ دیمانەش بانگ ناکرێن، بۆیە بە پێویستی دەزانم هونەرمەندانی هەولێر و سلێمانیش هەمان هەڵوێستیان هەبێت و نارەزایی دەرببڕن دژی ئەم دیاردەیە.

هونەرمەند نەسرەت محەمەد حەسەن لەلایەن خۆیەوە روونیکردەوە کە ئەم کارەیان لەپێناو ئەو هونەرمەندانەیە کە غەدریان لێدەکرێت و لە بەرژەوەندی میللەتی کورددایە بە گشتی، نەسرەت لەم بارەیەوە دەڵێ: هەموومان دەبینین نا یەکسانییەك هەیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ هونەرمەندانی کوردو بیانی جا لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بێت یان لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەش مافی ئێمە دەخورێت، بۆیە ئەمە وامان لێدەکات هەموومان یەك دەنگ بین و هەوڵی نەهێشتنی دەدەین، چونکە دەبێتە رێگرییەك لەبەردەم هونەرمەندا بۆ پێشکەش کردنی کاری هونەریی نوێ و خزمەت کردنی هونەری کوردی.



هەلبەستڤان شەعبان سلێمان دەڵێ: من تەنیا دژی ئەوەم کە هیچ یاسا و پرەنسیپێك نییە بۆ رێکخستن و دیاریکردن و پاراستنی مافی هونەرمەندان کە ئێستا بۆهونەرمەندانی کورد زۆر پێویستە، کاتێك کۆمپانیایەك کار بکات پێوستە ٢٠-٣٠٪ی کرێکارەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە بن، بەڵام نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆپاراستنی ئەم مافە لە کوردستان بووەتە هۆی هونەرمەندان هەست بە ناخۆشی و پشتگوێ خستن دەکەن لە هەموو رووەکەوە و پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ.